# بەرە سیاسییە چالاکەکان لە هەڵبژاردنەکاندا

## لە سەردەمی ریفۆرمخوازانەوە تا ئێستا

سەرکەوتنی خاتەمی ساڵی 1997 و سەرەتای سەردەمی ریفۆرمخوازی، زەمینەی بۆ چالاکی زیاتری بزوتنەوە سیاسییەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێران رەخساند.

دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دروستبوونی حزب بۆ هەمان رۆژی سەرەتای شۆڕشەکە دەگەڕێتەوە؛ حزبی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ئەو حزبانە بوو، کە لە رۆژە سەرەتاییەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دروستبوو.

بەڵام بەشداریی حزبەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ساڵانی دواتر دەگەڕێتەوە. لەوانەیە بتوانرێت یەکەم هەڵبژاردن کە تێیدا رووبەڕووبوونەوەی لایەن و حزبەکان دەرکەوت، بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ساڵی 1997 بزانرێت، کە تێیدا (محەمەد خاتەمی) سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ئەم هەڵبژاردنە و سەرکەوتنی ریفۆرمخوازان زەمینەی بۆ گەشەی حزبەکان لە ئێران رەخساند. دوای سەرکەوتنی خاتەمی لە هەمان ساڵدا (جبهه مشارکت ایران اسلامی) دامەزراندنی خۆی راگەیاند.

ماڵپەڕی دۆچە ڤێلا

FOCUS

ئەو کەسانەی ئەو حزبەیان دروستکردبوو، پێشتر بە ناوی ریفۆرمخوازانەوە هەوڵی زۆریان دابوو بۆ سەرکەوتنی محەمەد خاتەمی.

لەبەرئەوە دەتوانرێت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەو ساڵە بە یەکەم هەڵبژاردنی حزبی لە کۆماری ئیسلامی ئێران هەژمار بکرێت. ریفۆرمخوازان توانییان دوای ئەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و یەکەم خولی ئەنجومەنی شار و گوندەکان زۆرینەی کورسییەکان بەدەستبێنن.

هەڵبەتە هەوڵدان بۆ بەشداریی حزبی لە هەڵبژاردنەکاندا دوو ساڵ بەر لەو کاتە و لەلایەن لایەنگرانی هاشمی رەفسنجانی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەوە دەستپێکردبوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1995وە 16 کەس لە وەزیر و جێگرەکان و نزیکانی هاشمی رەفسنجانی لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی (کارگزاران سازندگی) رایانگەیاند، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پێنجەمدا چالاکانە ئامادە دەبن و لیستێک لەو کاندیدانەی پشتیوانیان دەکەن، دەناسێنن.

ئەم هەوڵە لەلایەن لایەنی بەرامبەرەوە رەخنەی توندی لێگیرا، چونکە بە جۆرێک دەستوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان لە دەسەڵاتی یاسادانان لێکدایەوە و لە کۆتاییدا بە فەرمانی رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای پێویست نەبوونی وەزیرەکان لەم گروپەدا، پێکهاتەکەی گۆڕا. 10 کەس لە وەزیرانی کابینەکەی رەفسنجانی لەو گروپە کشانەوە و کۆمەڵەیەکی شەش کەسی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پێنجەمدا بوونی خۆیان راگەیاند.

ساڵی 1995 حزبی (کارگزاران سازندگی) بە رەسمی خۆیان راگەیاند. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1997دا، کە تێیدا خاتەمی سەرکەوت، پشتیوانیان لە خاتەمی کرد.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005دا ئەم حزبە هاشمی رەفسنجانی وەک کاندیدی خۆی ناساند. ئەم هەڵبژاردنە لەنێوان مەحمود ئەحمەدی نەژاد و هاشمی رەفسنجانی گەیشتە خولی دووەمی هەڵبژاردن و لە خولی دووەمدا ئەحمەدی نەژاد سەرکەوت.

هەڵبژاردنی ساڵی 2005 لە رووی بەشداریی حزبەکانەوە دەتوانرێت بە حزبیترین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران هەژمار بکرێت. لە قۆناغی یەکەمدا حەوت کەس کێبڕکێی یەکتریان کرد: هاشمی رەفسنجانی لە حزبی کارگوزاران، مەهدی کەروبی، مستەفا معین

> **لەبەرئەوە دەتوانرێت هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەو ساڵە بە یەکەم هەڵبژاردنی حزبی لە کۆماری ئیسلامی ئێران هەژمار بکرێت. ریفۆرمخوازان توانییان دوای ئەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی و یەکەم خولی ئەنجومەنی شار و گوندەکان زۆرینەی کورسییەکان بەدەستبێنن.**

و محسن مهر عەلیزادە لەلایەن ریفۆرمخوازانەوە، محەمەد باقر قالیباف و عەلی لاریجانی لەلایەن ئوسوڵگەراکانەوە، هەروەها مەحمود ئەحمەدی نەژاد لەلایەن پێکهاتەیەکی تازە راگەیەنراوەوە بە ناوی (ائتلاف آبادگران).

براوەی ئەم هەڵبژاردنە نەناسراوترین کەسایەتی، واتا مەحمود ئەحمەدی نەژاد بوو، کە پێشتر بە پشتیوانی (ائتلاف آبادگران) توانیبووی ببێت بە سەرۆک شارەوانی تاران.

(ائتلاف آبادگران ایران اسلامی) لە دووەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شار و گوندەکان ساڵی 2002 بە ئامادەکردنی لیستێک بۆ هەڵبژاردنەکان توانی 14 کورسی لە کۆی 15 کورسی ئەنجومەنی شاری تاران بۆ خۆی بباتەوە.

ساڵێک دواتریش لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی حەوتەمدا توانی تێکڕای 30 کورسییەکەی تاران بباتەوە و (غولام عەلی حەداد عادل) لە (ائتلاف آبادگران) بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە. هەڵبەتە ئەنجومەنی پاراستن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی حەوتەمدا

سەرجەم کاندیدە ریفۆرمخوازەکان، ئەو کەسانەی کە نوێنەری شەشەم خولی ئەنجومەن بوون ڕەتیکردنەوە و بە کردار ڕێگەی بۆ سەرکەوتنی ئوسوڵگەراکان هەموار کرد.

## • هەڵبژاردنی 2009

چوار کاندیدی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بریتی بوون لە: میر حسێن موسەوی لە ریفۆرمخوازان، مەهدی کەروبی لە حزبی (اعتماد ملی)، مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە (ائتلاف آبادگران ایران اسلامی)، موحسن ڕەزایی کاندیدی سەربەخۆ، بەڵام ئوسوڵگەرا. حزبە نوێیەکەی ئەم هەڵبژاردنە بریتیبوو لە (اعتماد ملی) کە مەهدی کەروبی دوای شکستی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دایمەزراندبوو. مەهدی کەروبی کە ساڵی 2005 لەلایەن (مجمع روحانیون مبارز) بۆ سەرۆک کۆماری کاندید کرابوو، بە شکستخواردنی لەم هەڵبژاردنەدا دەستی لە ئەمینداری گشتیی ئەو کۆمەڵەیە کێشایەوە و حزبی (اعتماد ملی) دامەزراند.

ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009دا مەهدی کەروبی وەک کاندیدی خۆی ناساند. ئەمە یەکەم جار بوو لە کۆماری ئیسلامی ئێران کە کاندیدێکی بۆ سەرۆک کۆماری دوای شکست خواردنی لە هەڵبژاردنەکاندا حزب دروست بکات و لە ڕێگەی چالاکی حزبییەوە هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان بدات.

حزبی (کارگزاران سازندگی) لەو هەڵبژاردنەدا نەیتوانی ڕۆڵی حزبێک بگێڕێت و ئەم حزبە لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا پشتیوانی لە (میر حسێن موسەوی) ڕاگەیاند، بەڵام (غوڵام حسێن کرباسچی) ئەمینداری گشتی و (عەتائوڵڵا مهاجرانی) لە کەسە ناسراوەکانی ناو ئەو حزبە پشتیوانیان لە مەهدی کەروبی کرد.

ئەم ناکۆییانە ئەو کاتە دەرکەوتن، کە بڕیار بوو محەمەد خاتەمی بۆ سەرۆک کۆماری خۆی کاندید بکات، لەبەرئەوە گروپێک لە (کارگزاران) کە لەگەڵ خاتەمی ناکۆک بوون، پشتیوانیان لێنەکرد.

دواتر کاتێک خاتەمی کشایەوە و بە ڕەسمی موسەوی بوو بە کاندید، ئەم ناکۆکییە وەک خۆی مایەوە و دەتوانرێت بوترێت لە ئەزموونێکی بێ پێشینەدا ئەمینداری حزبێک و یەکێک لە ئەندامە باڵاکانی حزبەکە پشتیوانی لە کاندیدێک کرد، کە حزبەکەیان پشتیوانی لێنەدەکرد.

## • هەڵوەشانەوەی حزبەکان دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009

ڕەخنەی جەماوەر و بزوتنەوە ریفۆرمخوازەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 قورس لەسەر حزبەکان کەوت. نوسینگەی حزبی (مشارکت ایران اسلامی) لە هەمان ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا هێرشی کرایە سەر و دواتر بە فەرمانی دادوەر داخرا.

دواتر ساڵی 2011 دادگا ڕایگەیاند، کە دوو حزبی (جبهه مشارکت ایران اسلامی، سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی) هەڵدەوەشێنرێنەوە و چالاکییەکانیان بە نایاسیی ڕاگەیەندرا.

هەمان ڕووداو بۆ حزبی (اعتماد ملی) و ڕۆژنامەکەی ڕوویدا. نوسینگەی ئەم حزبە سێ مانگ دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 لەلایەن پۆلیسی دادگاوە داخرا.

سێ ساڵ دواتر و ساڵی 2012 لە کاتێکدا کە مەهدی کەروبی ڕابەری ئەو حزبە لە ماڵەکەی خۆی بەندکرابوو، کۆمسیۆن بەپێی مادی 10 تایبەت بە حزبەکان ڕایگەیاند، کە حزبی (اعتماد ملی) بە هۆی بەڕێوەنەچوونی کۆبوونەوەی گشتی و هەڵبژاردن هەڵوەشاوەتەوە. ساڵی 2013 (محەمەد جەواد حەقشناس) ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی حزبی (اعتماد ملی) باسی لە چالاکبوونەوەی ئەم پێکهاتە سیاسییە دوای چەند ساڵێک وەسان کرد و وتی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی ناوەندی ئەم هێزە سیاسییە ئەنجامدراوە.

## • هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013 و دەرکەوتنی حزبێکی تر

دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی 2009دا و ئاشکرابوونی گەندەڵی گەورە لە حکومەتەکەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بەهۆی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێرانەوە، سیستمی دەسەڵاتدار ناچاربوو فەزایەکی کەمێک کراوەتر بۆ هەڵبژاردنەکانی 2013 پەسەند بکات.

(حزبی اعتدال و توسعه) هەرچەندە لە ساڵی 1999وە بە سەرۆکایەتی حەسەن ڕوحانی دامەزرابوو، بەڵام تا نزیکی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013 زیاتر وەک لقێک لە حزبی (کارگزاران) کاری دەکرد. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005دا بە ڕەسمی پشتیوانی لە هاشمی

ڕەفسنجانی کردبوو.

ساڵی 2012 و ساڵێک بەر لە بەڕێوەچوونی یانزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەم حزبە چالاکییە نیمچە سەربەخۆکانی خۆی دەستپێکرد. (غوڵام عەلی دەهقان) وتەبێژی حزبی (اعتدال و توسعە) بۆ یەکەمجار ساڵی 2012 لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا خوازیاری بەشداریی (حەسەن روحانی) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013 بوو، ساڵێک دواتر روحانی لەو هەڵبژاردنەدا بردییەوە.

## • ئوسوڵگەراکان

واژەی (ئوسوڵگەراکان) لە سەردەمی سەرۆک کۆماری محەمەد خاتەمییەوە بۆ ناوبردنی بزوتنەوەیەکی سیاسی، بە ڕەسمی چووە ناو ئەدەبیاتی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پێشتر لایەنگرانی ئەو بزوتنەوەیە بە (موحافیزکاران) ناودەبران، بەڵام لەو کاتەوە پێیان باشتر بووە خۆیان بە ئوسوڵگەرا بناسێنن.

ئەم بزوتنەوەی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئێران لەخۆ دەگرێت [روحانیت مبارز، حزب مؤتلفە، (سەندیکاکانی ئەندازیاران، کارمەندان، مامۆستایان)، ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی (اصناف و بازار)]، بەڵام بەرەیەک بە ناوی (جبهە متحد اصولگرایان) لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی هەشتەمدا ساڵی 2007 بە ڕەسمی دەستبەکاربوو.

ئەم بەرەیە لە سەرەتادا لە سێ جوڵانەوە پێکهاتبوو، (بەرەی پەیڕەوانی ئیمام و رابەرایەتی، جمعیت ایثارگران انقلاب اسلامی، ائتلاف رایحە خوش خدمت). دواتر جوڵانەوەکانی تری وەک (جمعیت رهپویان انقلاب اسلامی) و نوێنەرانی عەلی لاریجانی و محەمەد باقر قالیبافیش چوونە ناو ئەو بەرەیەوە.

(جبهە متحد اصولگرایان) دواتر بە چوونە دەرەوەی (ائتلاف رایحە خوش خدمت) کەوتە رکابەری (بەرەی پایەداری) بە سەرۆکایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و رەخنەی توندیان لەم بەرەیە گرت.

زۆترین چالاکییەکانی ئەم بەرەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی هەشتەم و نۆیەم بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013ی سەرۆک کۆماریدا نەیتوانی کاندیدێک بناسێنێت و لە کۆتاییدا چوار کەس لەم بەرەیە خۆیان کاندید کرد، کە بریتیبوون لە (سەعید جەلیلی، محەمەد باقر قالیباف، غوڵام عەلی حەداد عادل، عەلی ئەکبەر ویلایەتی).

(جبهە پیـروان خـط امـام رهـبری) یەکێکی تـر لـە بزوتنەوە ئوسوڵگەراکانە، کە لە 17 گروپی سیاسی پێکهاتووە. حزبی (مؤتلفە ایران اسلامی) یەکێک لە گرنگترین حزب لەناو ئەو بەرەیەیە.

## • پێکهاتە نزیکەکان لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد

(جمعیت ایثارگران انقلاب اسلامی) یەکێکی تر لەو پێکهاتە سیاسییە ئوسوڵگەرایانەیە، کە مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی دەوڵەتی نۆیەم و دەیەم ئەندامی ئەو حزبە بووە. ئەم حزبە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێراندا ساڵی 2005 پشتیوانی لە محەمەد باقر قالیباف و لە خولی دووەمدا پشتیوانی لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد کرد. ئەم پشتیوانی کردنە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009شدا دوبارە بووەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی 2013دا پشتیوانی لە (سەعید جەلیلی) کرد.

(جبهە پایداری انقلاب اسلامی) نـاسراو بە بـەرەی پایەداریش جوڵانەوەیەکی تری ئوسوڵگەرایە، کە سەرەتا دوای خانەنشینی 11 ڕۆژەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی (حیدر مصلحی) وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کاتە ساڵی 2011 دروستبوو. (ئایەتوڵا مسباح یـەزدی) وەک باوکی مەعنەوی ئەم گروپە ناودەبرێت.

بەرەی پایەداری لە یانزەیەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا ساڵی 2013 (سەعید جەلیلی) وەک کاندیدی خۆیان ناساند. وتراوە، کە مسباح یەزدی ئامۆژگاری ئەو بەرەیەی کردووە، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2017دا پشتیوانی لە (ئیبراهیم رەئیسی) بکەن.

(رایحە خوش خدمت) چەند مانگێک بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکان ساڵی 2006 دامـەزرا. ئەم گروپە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەندا ساڵی 2007 بەشێک بوو لە (جبهە متحد اصولگرایان) و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009دا پشتیوانییان لە مەحمود ئەحمەدی نەژاد کرد. ئەم گروپە ساڵی 2011 ناوی خۆی بۆ (جبهە نیروهای انقلابی) گۆڕی.